
www.xebat.net
خەبات | پێنج شەممە 2018/5/17 ژمارە (5513)


کێربێر و ڤیسنینا
گەیشتنە قۆناغی دووەمی پاڵەوانێتی رۆما

کچە ئەڵمانی ئانگلیک کێربێر و کچە رووسی سڤتلانا کۆزنتسۆڤا گەیشتنە قۆناغی دووەمی رۆما بۆ تۆپی زەردی لە رکابەری تاکی ئافرەتان، کە ئێستا لە ئیتالیا بەڕێوەدەچێت. گەیشتنی کێربێر بۆ قۆناغی داهاتوو لەسەر حیسابی کچە کازاخستانی زارینا دیار بوو بە ئەنجامی 2-6و 6-7، هەروەها کۆزنتسۆڤاش لەسەر حیسابی کچە سلۆڤینی بۆلۆنا هێرکۆڤ بە ئەنجامی 2-6و 4-6گەیشتە قۆناغی داهاتوو. لەهەمان کاتدا کچە رووسی یلینا ڤیسنینا ڕێگای قۆناغی دووەمی وەرگرت، بەسەرکەوتنی بەسەر کچە ئەڵمانی لۆرا سگمۆند بە ئەنجامی 6-7و ؟ 2-6 هەروەها کچە یۆنانی ماریا سکاری بەهەمان شێوە گەیشتە قۆناغی دووەم لەسەر حیسابی هۆڵەندی کیکی بیرتنسن بە 2-6و 4-6و .3-6



فابریگاس و دانێلا سەمعان
چونە ناو قەفەسی زێڕین

ئەستێرەی ئیسپانی سیسک فابریگاس یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی چێلسی ئینگلیزی پەیوەندی لەگەڵ دانیێلا سەمعان گۆڕی بۆ ژیانی هاوسەرگیری کە لەڕێگای ئاهەنگێکی گەورە لە سێ شەممەی رابردوو ئەنجامدرا، بەر لەیاریان بەرامبەر مان یونایتد لەکۆتایی جامی ئینگلتەرا، کە لە شەممەی داهاتوو لەسەر یاریگای وێمبلی بەڕێوە دەچێت. فابریگاس وێنەی هاوسەرگیری خۆی لەسەر لاپەڕەی خۆی لەماڵپەڕی کۆمەڵایەتی (ئینستگرام) بڵاوکردەوەو لەژێری نووسیبوو: هەر ئێستا لەگەڵ ئافرەتی خەونەکانم ژیانی هاوسەریم پێکهێنا. هەروەها دانیێلاش چەندین وێنەی رۆژی هاوسەرگیری خۆی بڵاکردەوەو نووسیبووی: شووم بەو پیاوە کرد کە شەیدای بووم. پەیوەندی نێوان فابریگاس و دانیێلا بەر لە 12 ساڵ دەستی پێکرد، بەدروستی لەمیانی مۆندیالی 2010ی باشووری ئەفریقا، کە هەڵبژاردەی ئیسپانیا نازناوەکەی بەدەستهێنا.



مێسی و سەڵاح
لەسەرووی پێکهاتەی ئەم وەرزە هاتن

لەدوای کۆتایی هاتنی رکابەری خولە گەورەکانی ئەوروپا جگە لەخولی ئیسپانیا، دەستکرا بە دەستنیشانکردنی باشترین یاریزانانی هەموو خولەکان بۆ ئەوەی بگەنە پێکهاتەی سەرەکی لەدوای کۆتایی هاتنی وەرز، بنکەی توێژنەوەی نێودەوڵەتی لە سویسرا، پێکهاتەی 11یاریزانی هەر 5خولە گەورەکەی ئەوروپای ئاشکرای کرد، کە لەسەر بنەمای چەندین هۆکار دیاریکراون گرنگترینیان کاریگەری یاریزان لەسەر ئاستی تیپەکەی. بنکەی ناوبراو توێژنەوەی لەسەر هەر 5خولە گەورەکەی ئەوروپا (ئینگلتەراو ئیسپانیاو ئیتالیاو فەرەنساو ئەڵمانیا) لەخۆ دەگرێت، کە 6لایەن لەخۆ دەگرێت بۆ دەستنیشانکردنی یاریزان ئەویش دروستی پاس و توانای جەستەیی، دابەشکردنی توپ، بڕینی یاریزان، دروستکردنی هەڵ، پاشان ئاراستەکردنی توپ بۆ گۆڵ. پێکهاتەکەش بەمشێوەی خوارەوە بوو:

- گۆڵپارێز: تیر شتیگن/بەرشلۆنە
- هێڵی بەرگری: کالیدۆ کۆلیبالی/ناپۆلی، رائۆل ئالبیۆل/ناپۆلی، نیکۆلاس ئۆتامێندی/مان سیتی، فێرناندینهۆ/مان سیتی
- هێڵی ناوەڕاست: داڤید سیلڤا/ مان سیتی، کیڤین دی برۆین/مان سیتی، لیۆنێل میسی/بەرشلۆنە، محەمەد سەلاح/لیڤەرپوول
- هێڵی هێرشبردن: پاولۆ دیبالا/یۆڤنتۆس، سیرگیۆ ئەگوێرۆ/مان سیتی

نەبەز روستایی



ئاساموا
پشکنینە پزیشکییەکانی سەرکەوتوانە کۆتایی پێهێنا

تۆڕی سپۆرت میدیا سێت رایگەیاند کە یاریزانی بانگی یانەی یۆڤنتۆس و یاریزانی نێودەوڵەتی غانی کوادۆ ئاساموا پشکنینە پزیشکییەکانی بۆ پەیوەندیکردن بەیانەی ئینتەرمیلان بەسەرکەوتوویی بڕی. تۆڕی ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کە ئاساموا لەدەستپێکی گواستنەوەکانی هاوینەی داهاتوو بەفەرمی دەبێتە یاریزانی یانەی ئینتەرمیلانۆ، یاریزانی غانی لەماوەی 6ساڵی رابردوو یاری بۆ یانەی یۆڤنتۆس کردووە، دوای ئەوەی ریزی یانەی ئۆدینیزی جێهێشت و لەگەڵی هەموو نازناوە ناوخۆییەکانی بەدەستهێنا، هەروەها دووجاریش گەیشتە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، ئاساموا دووەمین بۆندی بێ بەرامبەری یانەی ئینتەر میلانە دوای ستیڤان دی ڤری بەرگریکاری یانەی لازیۆ.



سبەی
مێرکاتۆی هاوینەی خولی ئینگلیزی دەست پێدەکات

تۆڕی (سکای سپۆرت)ی ئینگلیزی بڵاویکردەوە کە ماوەی گواستنەوەی هاوینەی یاریزانان(مێرکاتۆی هاوینە) لەخولی ئینگلیزی لە وەرزی تازە لە رۆژی پێنج شەممە 17ی ئایار دەست پێدەکات، کە کاتەکەی لەگەڵ ساڵانی رابردوو جیاوازە. تۆڕی (سکای سپۆرت) ڕوونیکردەوە کە ماوەی گواستنەوەکانی هاوینەی ئەم وەرزە لەکاتێک دەست پێدەکات کە هاوکات بێ لەگەڵ یاساکانی یەکێتی نێودەوڵەتی جیهانی (فیفا) کە پێشتر یانەکانی خولی ئینگلیزی لەساڵی رابردوو داوایان کردبوو کە ماوەی گواستنەوەکانی هاوینەی داهاتوو بەر لەدەستپێکی خولی ئینگلیزی دابخرێت، کە لە 9ی مانگی ئاب دەست پێدەکات. جێگای وەبیرهێنانەوەیە ماوەی گواستنەوەکانی خولی ئینگلیزی لە 9ی حوزەیران هەموو ساڵێک دەستی پێدەکرد و لەدوای دەستپێکردنی خولی ئینگلیزیش بە 2یا 3گەڕ دادەخرا.

یارییەکی دۆستانە لەنێوان ئەفسانەکانی ریال و ئارسنالْ بەڕێوەدەچێت

یاریگای سانتیاگۆ برنابیۆ لە پایتەختی ئیسپانیا مەدرید لە رۆژی 3ی مانگی داهاتوو یارییەکی خێرخوازی لەنێوان ئەفسانەکانی هەردوو یانەی ریال مەدرید و ئارسنالْ لەژێر ناوی (یاری دڵی کلاسیکی 2018)لەخۆ دەگرێت. لەو یارییەدا پۆلێک لە ئەستێرەکانی پێشووی یانەی شاهانە وەکو (رۆبێرتۆ کارلۆس و گۆلیۆ پاپتێستاو گوتی و رائۆل و ئامیلیۆ پۆتراگینیۆ و چاپی ئەلۆنسۆ و رۆنالْدۆ و لویس فیگۆ و خۆسێ ئیمیلیۆ ئاماڤیسکا) بەشداری دەکەن. لەلایەنی ئارسنالْیش چەندین ئەستێرەی پێشووی یانەکەی وەکو (رۆبێرت پیرێ ز ڤردریک لیۆنبێرگ و تۆماس رۆزێسکی بەشداری دەکان، بلیتەکانی ئەم یارییەش تەنها بە 5یۆرۆ دەبێت، کە بەهاکەی بۆ کۆمەڵەی خێرخوازی ریال مەدرید دەبێت.